# 10هەمین کۆنفرانسی رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی تەواو کرد!

رۆژی 25 مارسی2006 ، رێکخراوی بەریتانیای حزب 10 هەمین کۆنفرانسی سالانەی خۆی لە لەلەندەن بەست. کۆنفرانس بەبەشداری هاوریان (ئەمجەد غفور، مویەد ئەحمەد، خەسرەو سایە، نادیە محمود)، لەرابەری حزب وهاوری (فاتح شیخ) سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران _حیکمەتیست، وبە بەشداری بەریزان (MartinThomas,David Broder)لە رابەرایەتی رێکخراوی(Worker Liberty)، و( Sheila Mosly هەڵسوراوی بواری مافەکانی مرۆڤ،، وهەروەها بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامو کادرانی ودۆستانێکی حزب کەلەشارەکانی لەندەن، مانچستەر، نوتینگهام، بێرمنگهام، ستۆن ئۆنترینت، دۆنکاسەر، هالو چەند شاری دیکەی بەریتانیایەوە هاتبوون، بەرنامەی کاری خۆی بەریوەبرد..

سەرەتا کۆنفرانس بەووتنی سرودی ئەنتەرناسیۆنال لەلایەن هاوری (ئیبراهیم محمد) وپاشان دەقیقەیەك وەستان بۆ ریزلینان لە گیان بەختکردوانی رێگای ئازادی وسۆشیالیزم و هاوریێ ئەزیزمان منسوری حیکمەت بەرنامەی کاری خۆی کردەوە وبە دوایدا ( دەشتی جەمال) سکرتیری کۆمیتەی بەریتانیا، ووتاری کردنەوەی کۆنفرانسی پیشکەشکرد. پاشان کۆنفرانس لیژنەیەکی بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی خۆی لە(دەشتی جەمال،سازان سالح،محسن کریم) هەڵبژارد وبەدوای شەرعیت دان بەکۆنفرانس ئاییننامەو دەستوری باسەکانی پەسەندکرد.



یەکەمین دەستوری باسەکانی کۆنفرانس تەرخان بوو بۆ قسەوباسیکی هاوری ئەمجەد غفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب کەتایبەت بوو بەبارۆدخە سیاسییەکانی ئیستای عیراق و کوردستان. هاوری ئەمجەد غەفوور لەباسەکەیدا بەووردی چووەسەر رووداوەکانی ئیستای عیراق و سەرهەلدانی شەری ناوخۆ وتایفەگەری و قولبوونەوەی بارودۆخی نائەمنی وجەنگ و کوشتاریك کەتا دیت ئاکامە زیانبارە سیاسی وکۆمەلایەتییەکانی زۆرتر وبەرینتردەبنەوە لەسەر ژیان وخەباتی خەلکی عیراق ئەم بارودۆخانەشی وەك ئەنجامیك لەدریژەی جەنگ ورەقابەتی دووجەمسەری کونەپەرست و تیرۆریستیدا هەلسەنگاند، کەلەسەریکیدا ئەمریکاو داگیرکاری وسیاسەتەکانی راوەستاوە لەسەریکی تریشدا ئیسلامی سیاسی و دەستەوتاقمی چەکدارو ئیسنان کوژی کەئالای رەشیان هەلکردووە. جیگای باسە هاوری ئەمجەد، لەدریژەی قسەوباسەکانیدا سەرنجی کۆنفرانسی بۆ ریگاچارەو بەدیلی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لەراستای کۆتایی هینان بەم بارودۆخانەو گیرانەوەی مەدەنیەت و ئاسایش بۆکۆمەلگا راکیشاو دەوری رزگاری بەخشی حزب وکۆنگرەی ئازادی عیراق وەك تاقەسەنگەریکی ئازادی خوازی تەئکید کردەوە و داوای لەبەشداربوانی کۆنفرانسکرد کەبۆ بەهیزکردنی ئەم سەنگەرە پشتویانی سیاسی و مادی بەدەست بهینن ولەئاخریشدا ئاماژەی دا بەسەرەکیترینی ئەوئەرکانەی کە ئەندامان وکادرانی حزب لەریکخستنەکانی دەرەوەی ولات ولەوانەش لە ریکخراوی بەریتانیا دەکەویتە سەرشانیان. ..

پاشان  ووتەی نادیە محمود سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی حزب لەدەرەوەی وولات  پێشکەش کرا. بەدوای ئەودا هاوڕێ (فاتح شیخ) پەیامی رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران–حیکمەتیستی پێشکەش کرد. پاشان (Martin Thomas) لەرێکخراوی (ئازادیی کرێکار) پەیامی پشتیوانی خۆیان بۆکۆنفرانس  خوێندەوە. ( Sheila )ش بە گورانی یەك هاوپشتی خۆی بۆ خەڵکی عیراق  راگەیاند.

لەبرگەیەکی تردا کۆنفرانش چووەسەر هەڵسەنگاندی راپۆرتی کارو چالاکی یەکانی یەك سالی رابردووی رێکخراوی بریتانیا کەلەلایەن (دەشتی جەمال)ەوە خرابووەبەردەم ولەم بارەشەوە قسەوباسەکان بەگشتی کاری دەورەی رابردووی ریکخراوی بەریتانیایان بە ئیجابی لیکدایەوە و هاوکاتیش پەنجەخرایە سەر خالە بەهیز ولاوازەکانی هەلسوران وبۆ قەربۆکردنەوەیان پیشنیار و ریگاچارەی دروست خرانەروو. وەکۆنفرانش پیداگری لەسەر ئەو چاوەروانیەیەکردەوە کەدەبی ریکخراوی بەریتانیا وەك هیزیکی گەورەی سیاسی و کۆمەلایەتی لەخۆی نیشان بدا وببیتە ریکخراوەیەك کەچالاکانە لەراستای سیاسەتەکانی حزب، بۆ بەگورینی بارودۆخەکانی ئیستای عیراق بەقازانجی خەلکی کریکارو زەحمەتکیش دەرکیشانی کۆمەلگا لەسیناریووی رەش تیدەکۆشی وخەریکە بەخیرایی بەرو دامەزراندنی ریکخراویکی حزبی –جەماوەری و محکەم وپولاین بۆکارکردن لەسەر کۆمەلگای بریتانیا و جەبهەی ئازادی خوازو ئینسانی هەنگاو دەنێ..،بەدوا ئەوەدا  ژمارەیەك لە ئەندامانی حزبو میوانەکان سەرنجەکانی خۆیان پێشکەش کرد لەو بارەیەوە. پاشان دەشتی جمال لەسەر رۆشنایی جیهەت و ئەرکەکانی رێکخراوی دەرەوەی وولات کە لەکۆنفرانسی یەکەمی رێکخراوی دەرەوەی وولاتدا  بریاری لەسەر درا، ئەولەویاتی رێکخراوی بەریتانیای خستە روو.

هەروەها دوو بڕیار دەربارەی  توندکردنەوەی پەیوەندی رێکخراوی بەریتانیای حزب  لەگەڵ چەپی بەریتانیا، وە سازدانی کۆڕو سیمناراتی جەماوەری لە شارەکانی دیکەی بەریتانیا، پەسەند  کرا.

لەدوا بەشی بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا، کۆنفرانس  15 کەسی لەئەندامانی بەشدار بۆ کۆمیتەی داهاتووی حزب لەبریتانیا هەڵبژارد کەبریتی بوون لە هاوریان (ئیبراهیم محمد،بورهان فەتاح،پرشنگ ئەحمەد،جاسم غفور،دەشتی جەمال، دارا محمد،دڵشاد نامق،حسن ئەحمەد،کاروان فەتاح،سازان سالح، سەوسەن سەلیم ،سورمەحمید،کامەران داود، ریزان عوسمان ،ریبوار جەلیل) هەروەها لەیەکەمین  بەستی کۆبوونەوەی کۆمیتەی هەلبژیردراودا، (دەشتی جەمال) بەسکرتێری کۆمیتە و(سازان سالح) بەرپرسی مالی هەڵبژیردران.. کۆنفرانس دوای چەند کاتژمیر لە قسەوباس و راگۆرینەوەی ئەندامانی حزب سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هینا..

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق \رێکخراوی بەریتانیا**

**2006–3–27**

---

www.wpiraq.net